# حوكمى خوێندنى عيلمى فەلسەفەو مەنتيق

[ كردي – كوردى – kurdish ]

نوسينى : ابن سەلاحى شارەزورى

وەرگێڕانى: عبد الله صادق

پێداچونەوەى: پشتيوان سابير عەزيز

٢٠٠٩ - ١٤٣٠

islamhouse.com

# ( حكم قراءة علم الفلسفة والمنطق )

« باللغة الكوردية »

الكاتب : ابن صلاح الشهرزوري
الترجمة: عبد الله صادق

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

٢٠٠٩ - ١٤٣٠

islamhouse.com

# حوكمی خوێندنی عیلمی فەلسەفەو مەنتیق

پرسیار:

کەسانێک خۆیان خەریک دەەکەن بەخوێندن و فێرکردنی عیلمی(فەلسەفەو مەنتیق(ژیربیژی)، ئایا شەرعی خودا ڕێگەی داوە بەفێربوون و زانینی عیلمی مەنتیق(علم المنطق)؟ وە ئایا سەحابە وتابیعین وئیمامانی چوار مەزهەبەکە وسەلەفی ساڵح خۆیان مەشغوڵ کردوە بەفێربوونی ئەم عیلمە وڕێگەیان داوە بەفێربوون و ووتنەوەی ئەم عیلمە؟ وەئایا درووستە بەکارهێنانی زاراوەی مەنتیقی(المصطلحات المنطقية) بۆ سەلماندنی حوکمە شەرعیەکان؟وەئایا زانین و فێربونی حوکمە شەرعیەکان پێویستی بە عیلمی مەنتیق هەیە؟ وەئایا حوکمی شەرع چیە بەرامبەر بەیەکێک کەخۆی مەشغوڵ کردووە بەفێرکردنی عیلمی مەنتیق بۆ خەڵکی تر بە ئاشکرا؟ وەئایا چی پێویستە لەسەر دەسەڵات داری موسڵمانانی ئەم شوێنە بەرامبەر ئەو کەسەی لەشوێنێکی ووڵاتدا ناسراوە بەوەی مەشغوڵەبە عیلمی مەنتیق وفەلسەفە بە ووتنەووەی ئەم دەرسانەو خەریکی نووسین ودانانە لەم عیلمانە، وەماموٚستایشە لەقوتابخانەیەکی ئاینی؟ وەئایا واجیبە لەسەر دەسەڵات داری موسڵمانی ئەم شوێنە کەئەو ماموٚستایە لابدات ودووری بخاتەوە لەووتنەوەی ئەم عیلمانە لەم قوتابخانانە تا موسڵمانان بپارێزی لەشەڕو خراپەی فێربوونی عیلمی مەنتیق و فەلسەفە؟

**وەڵام:**

**عیلمی فەلسەفە بناغەی گێلی و نەفامی وسەرچاوەی گومرایی و سەرلێشێوانە، وەکانگای گومانی وبێ دینی یە، وهەرکەسێک خەریک بێت بەفەلسەفەو بەچاکی بزانێت ئەوە کوێر دەبێت لە ئاستی بینینی کارەجوانەکانی ئەم شەریعەتە پاکە، کەپاڵپشتە بە بەهێزترین بەڵگەی ڕوون وئاشکرا دەستەوەستێنەر، وەهەرکەسێک مەشغوڵی عیلمی فەلسەفەبێت چ خۆی فێربکات یان خەڵکی تر فێری بکات ئەوەمایەی بێ بەشی ونەگبەتی یە، وشەیتان بەسەری دا زاڵ بووە، وەچ زانست وهونەرێک سەرشۆڕ کەر ترە لەزانستێک کەخاوەنەکەی کوێر بکات ودڵی تاریک بکات لەئاستی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرمان موحەمەد (صلی الله علیه وسلم)، لەگەڵ بڵاو بوونەوەی ئەم هەموو ئایات و نیشانە ڕوونانەو موعجیزە گەورانە، خوا بمان پارێزێت لەلادان وەرگەڕان لەدینەکەی، وەبمان گێرێت لەو کەسانەی کەڕێنمونیان کراوە بۆ ڕێگای پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، وسونەتەکەی.**

**وسەبارەت بەعیلمی مەنتیق، ئەو عیلمە دەرگای فەلسەفەیە، وەدەرگای خراپە خراپەیە، وەخوای داناو کاربەجێ ڕێگەی نەداوە بەخۆخەریک کردن بەو عیلمانە، هەروەها هیچ یەکێک لەسەحابە وتابعین وئیمامە موجتەهیدەکان وسەلەفی ساڵح وباقی گەورە ئیمامەکانی ئومەتی ئیسلام (ڕەزاو ڕ ەحمەتی خوایان لێبێت) ڕێگەیان نەداوە وبەدروستیان نەزانیوە فێربوونی زانینی عیلمی مەنتیق و فەلسفە، وەخوای گەورە ئومەتی ئیسلام و زاناپێشەواکانی بەدوور گرتون وپاراستونی لەخراپەو پیسی زانینی ئەو عیلمانە، وپاکی ڕاگرتوون لەزیانەکانی.**

وەسەبارەت بە بەکارهێنانی زاراوەی مەنتقیەکان (المصطلحات المنطقية) لەباسی حوکمە شەرعیەکان ئەوە لەکارەخراپە قەڵپە قۆڕەکانە(المنکرات المستبشعة)، وپینەوپەڕۆی داهێنراو بیدعەکانە، چونکە حوکمە شەرعیەکان نازانرێت بەعیلمی فەلسەفەو مەنتیق، لەبەر ئەوەی سەرچاوەی حوکمە شەرعیەکان قورئان وسونەتە.

وهەموو سوپاسێک بۆ خودای گەورە کەزانین و ناسینی حوکمە شەرعیەکان هیچ پێویستی بەعیلمی مەنتیق نیە، وەئەو زاراوانەی ئەهلی عیلمی مەنتیق بەکاری دێنن وبەزەروری دەزانن وەک پێناسە وسەلماندن و ئەنجام (حد وبرهان ونتيجة)و شتی تر، ئەوانە گرمەگرمی هەورە تریشقە یە؛ خوای گەورە خاوەن عەقڵی پاک وڕاستی دەستەبەردارو بێ منەت کردوە لەموحتاج بوون بەزانینی ئەو زاراوە مەنتیقیانە، لەجیاتی ئەوە پێی بەخشیون ڕاسترین وسەلامەت ترین و پاکترین ڕێگا، بەتایبەتی بۆ کەسانێک کەخەریکی خزمەت کردنی زانستە شەرعیەکانن، وەخوای گەورە شەریعەت وزانستەکانی تەواو وکامڵ کردووە، وەزاناو موجتەهیدەکانی شەریعەت چونە ناو دەریای حەقیقەتەکانی شەریعەت و شتە وردەکانی بۆ دەرخستتنی حوکمە شەرعیەکان، لەکاتێک دا نەعیلمی مەنتیق ونەعیلمی فەلسەفەو نەفەیلەسوفەکان هەبوون.

وهەرکەسێک وابزانێت کەمەشغوڵ بێ بەعیلمی مەنتیق وفەلسەفە وفێربوونی جێگەی سوودو کەڵکە ئەوا ئەو کەسەشەیتان فێڵی لێ کردووەو هەڵی خەڵەتاندووە، جا بۆیەپێویستە لەسەر کاربەدەستی موسڵمانان هەڵ بستێت بەپاراستنی موسڵمانان لەشەڕ وفیتنەیئەهلی عیلمی فەلسەفەو مەنتیق، وئەبێت دووریان بخاتەوە و

دەریان بکات لە قوتابخانەکان، وسزایان بدات لەسەر مەشغوڵ بوون بەو عیلمانە، وئەگەر دەرکەوت کەسێک عەقیدەو باوەڕی (بەرامبەر بەخوای گەورە وباقی ڕووکنەکانی ئیمان) وەک عەقیدەو باوەڕی فەیلەسوفانە ئەوە ئەبێ یا تەوبە بکات یا بەشمشێری شەرع موعامەلەی لەگەڵ دەکرێت تا ئاگری فیتنەکەیان بکوژێتەوە، وشوێنەواری خۆیان و عیلمەبێ سوودەکەیان نەمێنێت وبسڕدرێتەوە، خوای گەورە ئەو کارە ئاسان بکات بەزووترین کات، وەواجیب ترین واجیب ئەوەیە کە ئەو مامۆستایەی خەریکی ووتنەوەی دەرسی عیلمی مەنتیق و فەلسەفەیە لا ببردرێت ودەربکرێت لەقوتابخانە، وپاشان حەپس بکرێت لەماڵی خۆی نەیەتەدەر، وهەر کەسێک لەو مامۆستایانە بڵێت من عەقیدە وباوەڕم نیە بەعەقیدە وباوەڕی فەیلەسوفەکان (بەس تەنها عیلمەکە دەڵێمەوە وەکو عیلمێک) ئەوا واقیعی حاڵ بەدرۆی دەخاتەوە چونکە ڕێگای بنبڕکردنی خراپە هەڵکێشانی ڕەگ و ڕیشەیەتی، ودانانی کەسێکی وا بە مامۆستا وەڕێگەدان بەووتنەوەی ئەم عیلمانە لەکارە هەرە خراپەکانە سەرتاسەر، وەخوای گەورە یارمەتی دەر وپارێزەرە وەهەر ئەو زاناترە.